بۆکان لە مێژوودا (١١)                     ئەنوەر سوڵتانی

## بیرەوەرییەکانی میرزا کەریم بەهرام بەگی

بیرەوەریەکانی " میرزا کەریم بەهرام بەگی " سەرچاوەیەکی دەستی ئەوەڵ و بە بایەخدارن بۆ مێژووی بۆکان و دەوروبەری . میرزا کەریم لە بەگزادەکانی هۆزی "خەڵکی" و نەوە و نەتیجەی عەلی مەردان بەگ بووە کە بە چەند پشت دەگاتەوە بوداق سوڵتانی موکری و فەقێ ئەحمەدی دارشمانە .
هۆزی "خەڵکی" پێش هاتنی عەزیز خانی سەردار کولل، حاکم و خاوەن ملکی بۆکان بوون و بە دەسەڵات سەندنی ئەو و سێ سەرداری دوای ئەو(سیف الدین خان ، حەمەحسین خان ، و عەلی خان)، ئاغایەتی و خاوەنایەتی شاریان لەدەست چوە و بەم بۆنەیەوە، بیرەوەریەکانی میرزا کەریم دارماڵی هێرش کردنە بۆ سەر سەردارەکان و ئاغاواتی ئێلخانی زادە کە ماوەیەک دوای سەردارەکان حوکمی بۆکانیان گرتە دەست و ئیتر هۆزی "خەڵکی" نەیتوانی سەر هەڵبداتەوە .
کێشەی نێوان تیرەی میرزا کەریم و تیرەی سەردار عەزیز خان – کە ئەویش لە تایفەی مورادبەگی و خەڵکی نستانی سەردەشت بوو، بەشێک لە لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییە بەنرخانەی تایبەت بە خۆ کردوە.
ڕووداوەکانی دیکەی ئەو ساڵانەی ناوچەکە، تێکدرانی گوندی "ینگیجە" و دروست کرانی گوندی سەردارئاباد، کێشەی عەشایری کە دەبێتە هۆی کۆچی بنەماڵەی میرزا کەریم لە بۆکانەوە بۆ سابڵاغ، کوشتاری خەڵکی سابڵاغ لە لایەن قازاخی ڕووسەوە(١٩١٨)، ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکە، شەڕ و پێکدادانی هێزی ڕووس و عوسمانی لە موکریان و وێرانی ماڵ و ئاوارەیی خەڵکی ناوچەکە لە ئەنجامی شەڕ، قات و قڕی و گرانی و گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی- سیاسی – ئابووری دیکە لە یادداشتەکانی میرزا کەریم دا ڕەنگیان داوەتەوە.
بەبێ هیچ گومانێک بیرەوەرییەکانی میرزا کەریم یەک لە سەرچاوە بەنرخەکانی مێژوویی بۆکانن لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.
ئەم بیرەوەریانە، کە بە فارسی نووسراون، هێشتا بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ بڵاونەکراونەتەوە و بەڵام گۆڤاری مەهاباد لە ژمارە ٥٢ و ٥٣ دا دوو بەشی لێ بڵاو کردۆتەوە و بەختەوەرانە، درێژەدەدات بە بڵاوکردنەوەی بەشەکانی دیکەی.

بەهیوای ئەوەی هەرچی زووتر سەجەمی بیرەوەریەکان بکەوێتە بەردەستی خوێنەری ئەویندارێی مێژووی بۆکان و ناوچەکە .

"خاطرات میرزا کریم بهرام بیگی، به همت محمد و طاهر بهرام بیگی، گۆڤاری مهاباد، بەشی یەکەم (ژمارە ٥٢ ، جولای ٢٠٠٥ ، لاپەڕەی ٥٢ تا ٥٥ ) ، بەشی دووهەم (ژمارە ٥٣، ئوگوستی ٢٠٠٥، لاپەرە ٥٨ تا ٦٠)" .

